www.kurdistannet.org
28-3-2002 1:24

[redacted]

گەلێکی یەکسان — کوردستانێکی ئازاد

# راگەیاندنێک بەبۆنەی بیرەوەری و جەژنەکانی مانگی ئازار و ئێستای کوردەوە

وا ساڵێکی دیکەش دەچێتە سەر مێژووی یاد وبیرەوەرییەکانی راپەڕینی 1991 و11ای ئازاری 1970 وکارەساتی **دڵتەزێنی** هەڵەبجە و جەژنی نەتەوایەتی نەورۆز و زۆر بۆنە و یادی دیکە و هێشتا کورد وەک گەورەترین نەتەوەی ئەم مەرگۆی زەوییە خاک داگیرکراو و دابەشکراوە و رووبەرووی دڕندانەترین سیاسەتی ژینۆساید و لەسەر دەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا دەبێتەوە .

کـــورد ... نەتەوەیەکە ستەملێکراوی دەستی قەدەرێکی چەپگەردی مێژووی دەستی هێزە جیهانخۆرەکان و داروودەستە بەکرێگیراوەکانییەتی لەسەرخاکی خۆی . ئەم دۆزە رەواو پرســە نەتەوەییە فەرامۆشکراوەی ناوچەکە و جیهان ساڵەهایەکە بەدەست ئەقڵی حیزبایەتی و سیاســـی ســەقەت و ناکوردانەی زۆری هێزە کوردییەکانیشەوە دەناڵێنێ . ناوەڕۆک و مانا ی دەشێوێندرێت ، داواو ئامانجەکانی کلک و گوێ دەکرێن، جەســـتەی لە خاچ دەدرێت . ئاڕاستەکەی بە لا رێدا دەبردرێـت و مافەکانی دەکرێن بە ژێر لێوی بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسکەوە .

<< کوردستان و ناسنامە وخەباتمان ... مۆری تورکی و ئێرانی و عێراقی و ســـوریی لێدەدرێت و پێش داوای ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کوردوکوردستان دیموکراسی بۆ دەوڵەتی داگیرکەری براگەورە دەخوازین . هاوار دەکـەین کـورد هـەرگیز دژی یەکێتی و سەروەری ئەو دەوڵەتە زۆڵەک و دەستکردانە نییە بەڵکو پاسەوان و خزمەتگوزاری بـە ئەمـەک و دڵســۆزی سنوور و دەسەڵاتە ناوەندییەکانین ...و >> ئەمانە رستێ دروشم و ستراتیژی سواو و چەوتی ئەو هێزانــەی سـەر گۆڕەپـانی کوردستانە ، ساڵەهایەکە کێشەی کوردی پێ هەڵدەسووڕێنن .

سەرکردایەتییە سیاسییەکانی ئیمڕۆی کوردستان ئێستاش بە چاویلکەی ساڵانی 40 و 50 دەڕواننە کێشـەکەی خۆیـان و چەمکی خەباتی نەتەوایەتی ، رەوت لەسەر تەوەری هەڵەیەک دەکەن ، کە زۆرجار دووبارە کراوەتـەوە و مێژووش پوچـەڵی کردۆتەوە . هەر بۆیەکا لە هەنووکەیەدا کە هەموو دنیا دوای رووداوەکانی ئەم دواییەی بەسەر جیهاندا هات و ئەو پێشهات و گۆڕانگارییانەی چاوەڕێ دەکرێت بەسەر جیهاندا بەگشتی و ناوچەی لای ئێمە بە تایبەتی بێت ، ئـەو ئەگـەرە پۆزەتیڤانـە لە بەردەم ئاسۆی دۆزی کورددا دەکەنەوە ، پێویستە بە گیان و باوەڕێکی کوردانە سوودی لێ وەربگیرێت .

کورد وەک نەتەوەیەکی نا عەرەب و موسڵمانێکی نا توندڕەو خاوەن وڵاتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە سامانی ژێـر زەوی و بایەخ و گرنگی هەڵکەوتی جوگرافی و کولتـووری هەمـە رەنگـی مۆزایکـی بەخشـندانە وپـاراو بـە گیـانی خۆشەویسـتی و مرۆڤدۆستانە و سروشتی کەسایەتی کوردی ، ئەمانە کۆمەڵێ کەرەسە و فاکتی گرنگی ئەوەن هیــوای گـەورە و تایبـەتییان

[redacted]

لەسەر هەڵبچندرێت . لە لایەکێ وەکێ دەزانین چواردەوری کورد بە کۆمەڵی ولات و میللەت گیراوە ، کە هەتا ئێستا زەمینەی ئەقلی و رۆحی ئەمەندەیان لا نەرەخساوە وەکێ مرۆڤ ، میللەت ، برا و یەکسان ، هاوچارەنووس لە ناوچەکەدا لە کورد بڕوانن و ئەو تێگەیشتنەشیان لا دروست نەبووە کە ئێمەش مافی سەربەخۆی ژیانی خۆمان هەیە . ئەو ناوبراوانە ئیمڕۆ باریان گلاوە و لە دژوارییەکی گەورەدا دەژین و ئاسۆی داهاتووشیان روون نییە . لە لایەکی دیکەوە بەمزوانەش ئەو هاوکێشەیە پێکێ نایەت و پەسەندی ناکەن ، کە جێ و رێی کوردیش بە یەکسانی تێیدا دیار بێت ، بەڵکو کیمیاباران و زمان قەدەغەکردن وبە بێگانەدانان و نکۆڵی هەبوونمان دیاری و وەڵامی داخوازییەکانمانە .

بەو هەلومەرجەی ئیمڕۆ هاتۆتە پێشەوە ، هەلی مێژوو جارێکی دیکە بە مستی قایم لە دەروازەی ئەقڵ و ماڵی کورد دەدات و بەرژەوەندییە بابەتیەکان رەخساون و خودییەکان پێویستە سەرپێ بکەون و نەخش و رۆڵی خۆیان بگێڕن . هەر لەم جۆرە هەل و دەرفەتانە لە مێژوودا زۆر لە میللەتانی رزگار کردوە.

ئیدی هەزاران دەرەتان بێتە پێشەوە گەر ئامادەباش نەبیت بۆی سوودی لێ وەرناگریت . گەر کورد خۆی ئیمانی بە مەسەلەی نەتەوایەتییەکەی لە ئازادی و سەربەخۆییدا نەبێت، وا کەس لە خۆمان کوردتر نابێت و کەس ئامادە نییە رزگارمان کات !! ئیدی بەڵگەنەویستە هەق دەسەندرێت و نادرێت .

ئەوەتا خاوەنی حکومەت و پەرلەمان وچەندین دامودەزگای سەربەخۆی کوردین ، کە بەرەنج و توانا و دڵسۆزی و رۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەچن بەڕێوە . پەیوەندی دەرەوەمان بۆ ئاسانکراوە و بواری جموجوڵی دبلۆماسیمان بۆ والاکراوە ، کەچی نە بە ئاشکرا و نە بە دزی لەسەرەڕێی رزگاری و سەربەخۆییدا هیچ بەرچاو ناکەوێت و هەست بە هیچ ناکرێت . سەدان ساڵە خوێن دەرێژین و نیشتمانمان کاول دەکرێت و گەورەترین زلهێزی دنیا لە شالاوی دڕندەترین و خوێناویترین رژێم دەمانپارێزن ، کەچی گوتاری سیاسی کوردی و عێراقی یەکێ زرینگەیان لێوە دێت . چەمکێ و ستراتیژەکان یەکن و پەروش و خەمەکان یەکێ رەنگن . ئەوەی داگیرکەر ئاواتییەتی لای حیزبەکانی کورد دروشم و ستراتیژ و ئیمانە . ئەویش ئەو عێراقەیە کە بە سوپا و هەموو کۆمەکێکی ناوچەیی و جیهانییەوە 80 ساڵ زیاترە لەوەتەی دروستکراوە ئاگر و ئاسن و مەرگێ و کیمیاوی دەبارێنێ و هەتا هەنووکەش درێژە بە سیاسەتی راگوێزان و کاولکاری و ئەنفال و بە عەرەبکردن دەدات .

ئا لەم کاتەدا گەر چاوێکێ بەو راگەیاندنە نامەسئولانەی ئەم دواییەی لێپرسراوانی پارتی و یەکێتی لەسەر سەرهەڵدانەوەی زەبری کوشندە وەشاندن لە داگیرکەری عێراقی بگێرین ، میانەی دووری و کەلێنی گەورەی ئێوان ئەو حیزبانە و ویست و داوای رەوای نەتەوەیی و جەماوەریەکانمان بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێت . ئەو راگەیاندنانە 20% مانا و داوا و ویستی کورد لە خۆ ناگرن

. ئەو راگەیاندنانەی پێشبڕکێیە لەسەر عێراقچێتی و خۆیان دەکەنە قۆچی قوربانی لە پێناوی دەوڵەتی داگیرگەردا و پێشخستنی بەرژەوەندی عێراق بەسەر بەرژەوەندی بالای کورددا . ئەو بانگەوازە کوردییانەی " کە ماف نادەن کەس بە بێ ئاگای ئەوان بەناوی عێراقەوە بدوێ " !. ئەو راگەیاندنانەی ئەو" ئەزموونەی بە قوربانی چنگەکرێی کورد دروست بووە بە ئەزموونێکی عێراقی سەرکەوتوو و پیرۆزی دادەنێن "! . ئەو راگەیاندنانەی " عێراقی بونمان بۆ سەردەمی نووح دەگێڕنەوە"! . ئەو عێراقەی هەر ئاکێکی خاوەن نامووس و پرنسیب و شۆڕشگێڕ و مرۆڤدۆست حاشا لە شوناسەکەی دەکات

تا لەم کاتەدا ئەوە < کەرکوک دڵی کوردستان > ە و بەناوی عێراقەوە شارەمارەکانمان دەردەهێنن ودەبڕنەوە !!؟؟، ئەوە < کەرکوک قودسی کوردستان > و بە عەرەب دەکرێت . دەی کوا راپەرین و شۆڕشی بەرد و قۆچەقانی !!؟؟. کوا هاوار و بانگەواز بۆ رووی جیهان ؟؟!! چی کرا بەرانبەر بە دوژمن !!؟؟ ئەوە ئێوەن دەکوژرێن و دەسووتێندرێن و گەمارۆ دەدرێن و هەر سوورن لەسەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆیی ؟؟!!. ئەوە ئێوەن بوونەتە دوا نموونە و سەرمەشقی بزافی رزگاریخوازی لە جیهاندا ؟؟!!.

ئیمرۆ بڕیار و سیناریۆی لێدانی عێراق و گۆڕینی رژێمەکەی بە گوێی دنیادا بێ شاردنەوە دەدرێ . دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی هەڕەشە و مەترسی گەورەی وا بەسەرەوە . تورکیا گرفتاری دەیان کێشەی خۆیەتی ، سوریا چۆتەوە قاوغەکەی خۆیی و وەک مار خۆی سڕکردووە . ناوی ئەو داگیرکەرانە رەش بووە و چۆتە ئێو لیستی تیرۆریستانەوە و خاوەن چەکی بە کۆمەڵکوژ. ناوچەکە گۆرانی جوگرافی و سیاسی بەسەردا دێت . هاوسەنگییە کولتووری و بەرژەوەندە نەتەوەییەکان سەرلەنوێ دەکەوەنەوە ژێر پرسیاری گرنگ و دادەڕێژرێنەوە .

ئەو گرژی و ئەلەزگەیەی لە ناوچەکەدا هەیە گەر بە ئاشتی چارەسەربکرێت !؟ وا بێ چارەسەری مەسەلەی کورد ، مەحاڵە ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا بەرقەرار بێت . خۆ گەر ئەگەری شەڕ هاتە پێشەوە ، وا دوژمنێکی سەرسەختی کورد لاواز و تەفروتونا دەبێت ، سنوورەکانی ناوچەکە بەرهەمی شەڕن ، وا تەنها شەڕێکی ئەوتۆیی لە رەگەوە هەڵیان دەتەکێنێت . ئەمەش لە هەموو بارەکاندا سوودی کورد خۆی لەو هاوکێشانەدا رەنگ دەداتەوە .

بە پێچەوانەی ئەو ئەگەرە بەڵگەنەویستانەوە دەبینین لە باشوری کوردستان هەموو شتەکان دوو پارچەیە و دوو رەنگ و دوو بەرژەوەند و دوو ئاراستەن لە ترسی لە دەستدانی کۆمەڵێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان . سوورن لەسەر ئەوەی ئەو بارە ناسروشتییە بەرەو دیفاکتۆیەکی چەسپاو بەرن . لە باکووری کوردستان هێزە بەرچاوەکەی کە داوای دەوڵەتی کوردی دەکرد ، ئێستا لە کوردستانی بوونەوە وەرچەرخاوە بۆ پتەوکردنەوەی بونیاتەکانی کەمالیزم و خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەفیونی کۆماری دیموکراتی تۆرانین و گومانی گەورە وا لە پشت ئەم سیاسەتە دێزەیی و پڕ لە مەترسی و ناکوردانەیەوە . بە ئاشکرا پلان و گەلەکۆمەکێ لە ویستەکانی کورد دەکرێت و دەخوازن شکست بەسەر ئاواتی نەتەوەکەماندا بهێنن . لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بێدەنگی و بێ دروشمی هەیە و هەموو شت سڕ بووە و لە رۆژئاوای کوردستانیش مەسەلەکەمان کراوە بە قوربانی بەرژەوەندی هێزە کوردستانیەکانی دیکە و خنکێندراوە .

ئێمە بە ناوی حیزبمانەوە لە کاتێکدا هەر سەرکەوتن و بەرەو پێشچوون و خزمەتێکی کوردایەتی بە دڵ و گیان پیرۆز دەکەین . وە چاوەڕوانی ئەوەین شەرەفی مەسەلەی نەتەوایەتیمان لەوە گەورەتر و رووسوورتر بێت ، هەمان کات زۆر بە توندی دژی ئەو هەڵوێست و راگەیاندنە ناکوردانەی ئەو لایەنانە دەوەستینەوە . لاشمان وایە ئەمە شێوازێکی دیکەی خەپاندن و هەراجکردنی مەسەلەی کوردە ، وە هیچ خزمەتێ بە کێشە رەواکەمان ناکات .

دیارە رەوتی مێژوو و ویست و داوای ئەو نەتەوەی نزیکەی سێ هەزار ساڵە لەبەردەم شاڵاوی توانەوە دا خۆی راگرتووە و سەدان ئەزموونی تاڵ و گورچکبڕی بەسەردا تێپەڕیوە ، زۆر لەو تەڵە و فاقانەی بۆی دانراوە پوچەڵ بوونەتەوە سەری بەرزی خۆی بۆ هیچ داگیرکەرێ نەوی نەکردووە . خاوەنی ویستی پۆڵایین و داوای رەواییە و وا بە ئاسانایی نابێت بە داوی فروفێڵی

ناوخۆییەوە . لە کەسیش ناگەڕێ هەرزانفرۆش و تەتکی بکات . رۆژی رزگاری و سەربەخۆیی نزیکە و مێژووش هەر بۆ ئەوانە بەنەمری دەمێنێتەوە ، کە رۆڵەی راستەقینەی مەسەلەکەی خۆیانن و باوەڕی کوردایەتی دینەمۆی هەڵسوکەوتی ژیانیانە و پێش ئەوەی هەر شتێ بن کورد و کوردستانین و بەرژەوەندی باڵای کوردایەتی باوەڕ و ئیرادە و ئیمان و رێباز و ستراتیژیانە .

ئێـــمــــــــــــه داواکــــــــــاریـــــن :

+ پێویستە دامودەزگای یەکگرتوو و حکومەتـــێکی ناوەندی پێـک بێـت و رووی جوان و راستەقینەی کوردایەتی و ئەو ئەزموونە کەموێنە و دانسقە دیموکراسییەی ناوچەکە نیشان بدرێت .

+ زۆر گرنگە دەنگ و رەنگی راگەیاندنی ناوەندی و هاوبەش یەک بێت . داوای فدراڵی لەسەر بنچینەی مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە سنووری جوگرافیایی مێژوویی کوردستانەوە لەم قۆناغەدا بکرێت .

+ پێویستە بە پەلە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستانی راستەقینە وەک دوا ناوەندێکی باڵای نەتەوەیی بڕیار بەدەست دامەزرێندرێت . سنوور و هێڵە سوورەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکرێن . داوای هاتنی هێزەکانی UNبۆ کوردستان بکرێت .

+کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالەکان و ژینۆسایدی داگیرکەران لەم هەلومەرجە پۆزەتیفە رەخساوەدا بەو پەڕی تواناوە لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان تەقەلای ناساندنی زیاتریان بۆ بکرێت . کار بۆ دادگاییکردنی تاوانکارەکانی لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکرێت

+ دەبێت سەرژمێرییەکی پوخت و تەواوی دانیشتوانی کوردستان بکرێت و راپرسی و داوای سەربەخۆیی جەماوەری کوردستان وەک دۆسییەکی تایبەت و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بدرێتە UN تا بچێتە خشتەی کاروبارەکانیانەوە .

نەورۆزی 2714 - 2002

پارتی سۆسیالیستی کورد
پاســــۆک